www.kurdistannet.org
9-4-2003 0:51

# شەڕکردن لەگەڵ (کلتووری بەعس) درێژخایەن دەبێ!

**مەهاباد قەرەداغی**

ئەوەی ڕوونترینە لەم شەڕەی کە ئێستا دەمەشێ و لە داغترین پلەکانی خۆیدایە، ئەوەیە کە سەددام و دارودەستەکەی تەفروتوونا دەکرێن. تا زرێپۆشەکانی هاوپەیمانان نەگەیشتبوونە بەغدا، هەبوون گومانیان دەکرد ئامانجی ئەمریکا بە یەکجاری تەفروتووناکردنی ڕژێمی مرۆڤخۆری بەعس بێت. ئیدی لای کەس ئەو گومانە نەماوە و، ئەم ڕژێمە لە تاواندا نوقوومبووە چووە ناو زبڵدانی مێژووەوە. بەڵام ئەوەی لەم ڕژێمە بە میرات بۆ خەڵکی عێراق و خەڵکی کوردستان دەمێنێتەوە کلتوورێکی ژەهراوی زەبروزەنگئامێز و قێزەوەنە، کە لە یەکەم ساتی تەواوبوونی شەڕی هاوپەیمانان لەگەڵ ئەو ڕژێمەدا، شەڕی درێژخایەنی خەڵکی عێراق وخەڵکی کوردستان دژ بە کلتووری بەعس دەبێت دەست پێ بکات.

کلتووری بەعس چییە؟

کلتووری بەعس کلتووری زەبروزەنە، پایە ژەهراوییەکانی ئەم کلتوورە کە ٣٥ ساڵە بە بڵندترین پلەی زەبروزەنگ و زۆرەملێ دایدەسەپێنێ و ئامانجیشی لاوازکردنی کەسایەتی هەموو تاکێکی دەرەوەی بازنەی یەکەمی ڕژێم، بە تایبەتیش لاوازکردنی کەسایەتی کەسانی بێباوەڕ بە بەعسە. ئەم لاوازکردنەش بە میکانیزمی جۆراوجۆر ئەنجام دراوە و مەبەستەکانیش بە تەواوەتی پێکاوە. ئەو میکانیزمانەش کە بۆ داسەپاندنی ئەو کلتوورە بەکارهاتووە یەکجار زۆرن، هەندێکیان ئەمانەن:

١. لێسەندنەوەی هەموو هۆیەکی شانازیکردن لە مرۆڤی عێراقی بە گشتی و مرۆڤی کورد بە تایبەتی، لە ڕێگەی گورزوەشاندن لە سیمبولەکانی شانزیکردنی هەر تاکێکەوە.

٢. بێپایەکردنی هەر تاکێکی ئەو کۆمەڵگەیە کە بێباوەڕ بوون بە بەعس و تەنانەت ئەو کەسانەش کە بە لێشاو بۆ بەرژەوەندی دەبوون بە بەعسی، هەر لە پایەی سیاسییەوە، تا ئابووری و کۆمەڵایەتی و زانستی.

٣. نەهێشتنی متمانە لە نێوان نزیکترین دۆست و تەنانەت براوخوشک و دایک و باوکدا لە خێزانێکی ئاساییدا.

٤. ترس و تۆقاندن. بە ترسناکترین وەسیلەکانی دەستوەشاندن. تەنانەت بە بەکارهێنانی چەکی کۆکوژی. بەڵگەش کیمیابارانی هەڵەبجە و زۆر لادێی تری کوردستان لە کاتی شاڵاوەکانی ئەنفالدا.

٥. سوودوەرگرتن لە هەندێ سیمبوڵی لاوەکی وەک مەسەلەی شەرەف و نامووس وکردنی بە سیمبولی سەرەکی و، گەورەکردن و برەوپێدانی، دواجار زەلیلکردنی خاوەنەکانیان لە ڕێگەی گورزوەشاندن لە خودی ئەو سیمبولانە.

٦. ڕاگواستن، تەعریب، تەخریب، سێدارە، ئەشکەنجەدانی زیندانیان بە ترسناکترین شێوەکانی خۆی.

ئەوەی هەرە ترسناکە و کلتووری بەعسی وەک پەتایەک تێکەڵ بە خوێنی خەڵک کردووە، لە ڕێگەی پەروەردەوە بووە. سیستەمی فێرکردن لە عێراقدا ٣٥ ساڵە مێشکی چەندان نەوەی ژەهراوی کردووە. لە باخچەی ساوایانەوە تا دواپلەکانی خوێندنی باڵا، ژەهری بەعس سات بە سات و بە خشپەیی دەروونی مرۆڤی ئەو کۆمەڵگەیەکی پڕ کردوووە. کۆمەڵگەکانی عێراق، بە عەرەب و بە کورد و بە تورکمان و ئاسووری و سریانییەوە، بە موسڵمان و مەسیحی و گاور و ئایینەکانی ترەوە، بە ژن و بە

www.kurdistannet.org
9-4-2003 0:51

پیاوەوە بە کلتووری بەعس ژەهراوی بوون و هەڵگری ئەو نۆرم و نرخاندنانەن کە ٣٥ ساڵە بەعس لە ڕێگەی نێرەرەکانی خۆیەوە بە زۆر و بە خوایش، بە یاسا و بە ڕێسا دایدەسەپێنێ. نۆرم و نرخاندنەکانی بەعس بەو میکانیزمانەی کە هەندێکیان لەسەرەوە ناوبران بوونەتە داب و نەریتی کۆمەڵگە.

دەبێ دژ بە کلتووری بەعس لە هەموو ئاستەکانی ژیانی کۆمەڵگەدا، جەنگ بەرپا بکرێت. پاکتاوکردنی کۆمەڵگە لە کلتووری زەبروزەنگئامێزی بەعس، بە میکانیزمی جۆربەجۆر دەکرێت، یەکێک لە هەرە کاریگەرترین میکانیزمەکان، گۆڕینێکی سەرتاپایی و هەمەلایەنی و تەواوەتی سیستەمی پەروەردەیە. ئینجا لە هەموو ئاستە جیاوازەکانی تردا وەکو کۆمەلایەتی، دەروونی، سیاسی، زانستی و ئایینی و کلتووریدا پشت بە یاسای مەدەنی گۆڕانکاری بەرپا بکرێت.

ئەگەر کۆمەڵگە لە ژەهراوی کلتووری بەعس پاک بێتەوە، هەموو ئەو دیاردانەی کە بەعس بەرەوی پێدابوون دەبێ نەمێنن، ئەو دیاردانەی کە ئەو کۆمەڵگەیەیان وەک ناشارستانیترین کۆمەڵگەی دنیا دەخستە ڕوو، کە ئەمانە هەندێکیانن:

- دزی و تالانکردن.
- تۆڵەسەندنەوە.
- سووک سەرنجدانی مێینە.
- بێ یاسایی، یان یاسای دارستان.
- برەودان بە نەزانی و نەخوێندەواری.
- برسیکردنی خەڵک و ناچارکردنی بۆ چۆکدادان.
- پارەپەرستی و جاشایەتی. . و زۆر شتی تریش.

لە دوای ڕزگاربوون لە کابووسی ڕژێمی بەعس، کابووسی کلتووری بەعس دەمێنێتەوە دژی بجەنگین. کە ئەم جەنگەیان نە بە فرۆکەی ئاپاچی و، نە بە تانک و تۆپ و زرێپۆش دەکرێت. بۆ ئەم جەنگە درێژخایەنە دەبێ ڕووناکبیران، پسۆران و زانایان لە مەیداندا بن.

٢٠٠٣/٤/٨

ستۆکهۆڵم.